تاران تێکشاندنی فڕۆکەیەکی جەنگیی "ئێف-١٥"ی لە باشووری وڵات ڕاگەیاند

ئەمڕۆ یەکشەممە (٢٢ی ئازاری ٢٠٢٦) ڕایگەیاند کە لە ڕێگەی سیستەمەکانی بەرگریی ئاسمانییەوە، فڕۆکەیەکی جەنگیی جۆری (F-15)ی لە باشووری وڵات خستووەتە خوارەوە، کە بەهۆیەوە لە نزیک دوورگەی هورمز لە کەنداوی عەرەبی تێکشکاوە.

تەلەفزیۆنی فەرمی ئێران، پشتبەستن بە بەیاننامەیەکی بارەگای بەرگریی ئاسمانی هاوبەش، بڵاویکردەوە: "پێش چەند کاتژمێرێک فڕۆکەیەکی جەنگیی جۆری (ئێف-١٥)ی سەر بە دوژمن لە باشووری وڵات کرایە ئامانج."

لە بەیاننامەکەدا هاتووە: "فڕۆکەکە لەلایەن هێزەکانی بەرگریی ئاسمانی سوپاوە و بە موشەکی زەوی-بە-هەوا خراوەتە خوارەوە و لە نزیک دوورگەی هورمز لە کەنداوی عەرەبی تێکشکاوە، هەروەها لێکۆڵینەوە لە چارەنووسی فڕۆکەکە و فڕۆکەوانەکەی دەستیپێکردووە."

هاوکات ئاژانسی (تەسنیم)ی ئێرانی لە هەژماری فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی "ئێکس"، ڤیدیۆیەکی

پەیوەندیدار بەو ڕووداوەی بڵاوکردووەتەوە.